نەوال زوغبی کاتی ئەوە نەهاتووە بیر لە شووکردن بکەمەوە

هونەرمەندی بەناوبانگی لوبنانی نەوال زوغبی لەلێدوانێکی بۆ میدیاکانی عەرەب رایگەیاند کەوا جارێ کاتی ئەوە نەهاتووە بیر لە شووکردن بکەمەوە چونکە تازە لەگەڵ هاوسەرەکەم جیابووینەوە ماوەیەکی زۆربوو بەدەست ئەو کێشەیەوە دەمناڵاند بۆ شووکردنەوەی ئەمجارەم پێویستیم بەبیرکردنەوەیەکی زۆرهەیە چونکە کارێکی وائاسان نیە بۆمن. جارێکی دیکە ئێستا سەرقاڵی کارە هونەرییەکانی خۆمم بۆبەرهەم هێنانی سیدیە تازەکەم لەستۆدیۆکانی رۆتانا بەهاوکاری بەرێوەبەری کۆمپانیایی ناوبراو بەم زووانە بڵاوی دەکەمەوە...

بریتنی سپریز کەوتە نەخۆشخانە

هونەرمەندی (پۆپ)و ئەستێرەی هۆلیود بریتنی سپریز بەهۆی نەخۆشی کچە خوشکەکەی کەوتە نەخۆشخانە کەئێستا لەژێر چاودێری پزیشکاندایە کەبۆیان دەرکەوتووە نەخۆشیەکەی درێژخایەنە بۆیە گواسترایەوە کالیفۆرنیا بۆچارەسەری بەپەلەی ئەومنداڵە، شایانی باسە بریتنی رایگەیاند هێشتا سزاکەی تەواو نەبووە ناتوانێت بەپێی پێویست بەنێو کالیفۆرنیادا بگەڕێت تەواوی ماندوبوون وشەکەتی پێوە دیاربوو بەدەست نەخۆشی ئەومنداڵەدا....

یەکەمین نەشتەرگەری گۆڕێلا لە لەندەن سەرکەوتوانە ئەنجام درا

گۆرێلا یەکێکە لەگەورەترین ئاژەڵی دارستانەکانی وڵاتی بەریتانیا کەبەم دواییە پزیشکان لەکاتی گەشتیان بۆناو دارستانێک بینیان گۆرێلایەکی تەمەن ٣٣ ساڵە لەپاڵ دارێک وەستاوە توانای جووڵەی نەماوە بەهۆی زۆری کێشیەوە کە ببوە هۆی بێهێزی لەشی ئەو ئاژەڵا بەپەلە گەیاندرایە یەکێک لەنەخۆشخانەکانی شاری لەندەن لەوێ بەچاودێری پزیشکی بەتوانا ریتشارد کۆلن سەرکەوتوانە نەشتەرگەریەکەی بۆ ئەنجامدا بەپێ سەرچاوەکانی ئەو وڵاتە رایانگەیاند ئێستا باری تەندروستی رۆژ بەرۆژ روو لەباشی دەکات شایانی باسە پزیشکی ناوبراو گوتی ئەمەیەکەمین تاقیکرنەوەمە کەزۆر پێیوە دڵخۆشم سەرکەوتنم بەدەستهێنا توانیم ئەو ئاژەڵە رزگارکەم لەو حاڵەتە ناخۆشەدا، ئێستا وەکو مرۆڤێکی ئاسایی هەست بەدڵخۆشیەکی زۆر دەکەم کاتێک کە دەبینم لە نەخۆشخانە هاتوچۆ دەکات.

ئامادەکردنی دۆسیە: شیفان شێرزاد

أسماء الألوان / تصميم ليرةو لةوي / الصفحة: ٧٦ / ١٧/١١/٠٨ / 10:49 PM

نەجوە کەرەم ئاهەنگ لەبەرلین بۆ منداڵانی فەڵەستین و لوبنان دەگێڕێت

هونەرمەندی دەنگخۆشی لوبنانی نەجوە کەرەم ئاهەنگێکی گەورەو قەشەنگی لەپایتەختی ئەڵمانیە لەشاری بەرلین سازکرد تیادا بەئامادەبوونی چەندین هونەرمەندی عەرەب و لوبنانی ئاهەنگەکە بەرێوەچوو دواتر لەلێدوانێکی بۆمیدیاکان هونەرمەندی ناوبراو ئەوەی روونکردەوە کەوا ئەو ئاهەنگەی تەنها بۆمنداڵە بێنازەکانی فەڵەستین ولوبنان سازکردووە دەسکەوتی ئەو ئاهەنگە بەسەر منداڵانی ئەو دوو وڵاتە دابەش دەکەم چونکە ئەوان بوونە قوربانی سیاسەتی وڵاتەکەیان بەبی گوناه دەبێت باجی ئەو ستەمکارییەی کەلەوڵاتەکەیان دەکرێت بدەن.

قەسابخانەیەکی تایبەت بەفرۆشتنی گۆشتی سەگ وپشیلە لەچین کرایەوە

دوای ئەوەی کەلەووڵاتی ڤێتنام بریاردرا لەسەر قەدەغەکردنی فرۆشتنی گۆشتی سەگ لەسەرجەم شارەکانی، ئێستا بەشێوەیەکی ئاسایی لەیەکێک لەشارەکانی وڵاتی چین بەفەرمانی وەزارەتی تەندروستی ئەو وڵاتە گەورەترین قەسابخانەی فرۆشتنی گۆشتی ئاژەڵان کرایەوە کەرۆژانە سەدان خەڵک رووی تێدەکەن بۆکرینی گۆشتی ئەوئاژەڵانە کەنرخەکەشی دووئەوەندەی نرخی گۆشتی مریشک وچێل وبەرخە شایانی باسە چەندین چێشتخانەی گەورەی ئەو وڵاتە گرێبەستیان لەگەڵ خاوەنی ئەو قەسابخانەیە مۆر کرد بەمەبەستی کرینی گۆشت وسەر وپێ کەلەو وڵاتە سەروپێی پشیلە خواردنێکی باوە تەشریبەکەشی خواردنی رۆژانەی دانیشتوی ئەو وڵاتە.

کورترین پیاو لەجیهان درێژیەکەی ٨٥سانتی مەترە

هەفتەی رابردوو پۆلیسی بەریتانی دەستگیرکردنی کورترین پیاوی راگەیاند کەدرێژی باڵای ٨٥ سم تەمەنی ٣٥ساڵەو بەتۆمەتی بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەر کە لەکاتی لێخورینی ئۆتۆمبێل بەکاریهێنابوو درایە دەست دادگایی نێودەوڵەتی بۆ بریاردان لەسەرسزای ناوبرا بەپێ یاسا شایانی باسە بۆخۆدەربازکردن خۆی نەخۆش کردووە کەگەیاندویانەتە نەخۆشخانە لەراپۆرتە پزیشکیەکان هیچیان بۆدەرنەکەوت بەراشکاوانە دەڵێت ویستوومە لەوێ راکەم بۆیە وام کردووە.

گرانترین خانوو لە ئەمەریکا.. ئەم خانووە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە ٧٥ ملیۆن دۆلار فرۆشرا.. کە بەگرانترین و بەنرخترین خانوو دادەنرێت تا ئێستا لەجیهان فرۆشرابێت.. ئێوەش بڕیاری لەسەر بدەن کە ئەم خانووە ئەو نرخە خەیاڵییە دەهێنێت یان نەء؟

أسماء الألوان / تصميم ليرةو لةوي / الصفحة: ٧٧ / ١٧/١١/٠٨ / 10:49 PM